# شانۆی فیزیکاڵ

## Physical Theatre

نووسەر:

**حسام الدين  شەریفیان**

وەرگێڕان:

**ڕەحمان عەزیزی**



شانۆی فیزیکاڵ شانۆیەکی نێوان زانستەکانە. زانست و پاشخانی شانۆیی هێندەی هونەری بینراو، مۆسیقا، جووڵە و هتد، لە پێکهاتنی ئەم بەرهەمانەدا بەشدارن.

• ئەم جۆرە بەرهەمانە بەگشتی پەیوەندیی نەریتی و کلاسیکی نێوان بینەر و نمایشکار دەگۆڕن و تەحەدای پێناسەی نەریتی جیاکردنەوەی بینەر لە ئەکتەر دەکەن.

• شانۆفیزیکاڵەکان بەگشتی لە بەشداریکردنی بینەران و ناپاسیڤبوون لە کاتی نمایشەکەدا پێشوازی دەکەن.

• ئەم بەرهەمانە لەسەر بنەمای خەیاڵی بینەر و نمایشکار دروستکراون. وردتر بڵێین خەیاڵی بینەر بەقەد خەیاڵی ئەکتەرەکان و دەرهێنەر لە پرۆسەی گواستنەوە وە گەیاندنی چەمکەکانی نمایشدا گرنگە.

هەندێک لە ڕەخنەگران ڕەگ و ریشەی ئەم فۆرمە شانۆییە دەگەڕێننەوە بۆ بنەچەی شانۆ و یۆنانی کۆن.هەروەها فۆرمەکانی ئەوروپی نەریتی وەک "کۆمێدیادلارتە" بە ڕەگ و ڕیشەی کۆنی ئەم ڕێبازە شانۆییە ناسراون.

بەڵام گرنگترین پێشەنگەکانی شانۆی فیزیکاڵ دەبێ بە هونەرمەندی مایم بە تایبەت "ژاک لیکۆک" هەژمار بکرێن.،

هەروەها تیۆریستەکانی وەک "ئەنتۆنێن ئارتۆ" ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پێکهێنانی باسە تیۆرییەکانی شانۆ فیزیکاڵەکان هەبووە.

هەروەها کاریگەری شانۆکانی ڕۆژهەلات لە سەر دەرهێنەرانی ئەزموونی سەدەی بیستەم لە ڕەوتی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی شانۆی فیزیکاڵە دا فاکتەرێکی گرنگ وە نایاب و سەرنجڕاکێشە.

شانۆی نو (No) ژاپۆن کاریگەرییەکی زۆرقووڵی لەسەر دەرهێنەرانی وەک "گرۆتۆفسکی"، "پیتەر بروک" و "ژاک کوپۆ" هەبووە، هەریەکێک لەم دەرهێنەر و تیۆریستانە لە بەرامبەردا بەشێکیان لە میراتی تیۆری شانۆی فیزیکی پێکهێناوە.

هەروەها دەتوانرێت فۆرمە پۆستمۆدێرنەکانی شانۆی فیزیکاڵ لە بەرهەمەکانی "ئان بۆگارت" - شانۆ لەسەر بنەمای تیۆری نوێی دیدگاکان - و بزووتنەوەی سەمای پۆستمۆدێرنی ئەمریکی - کە بە سەمای کڵێسای جودسۆن ناسراوە، بدۆزرێتەوە.

وشەی "شانۆی فیزیکاڵ" (Physical Theatre)، چەمکێکی مشتومڕاوییە لە جیهانی شانۆی ئەمڕۆدا.



شانۆی فیزیکاڵی ئەمڕۆ چەمکێکی مشتومڕاوییە.

زۆرێک لە فۆڕمی بێ دیالوگ و تەنانەت هەندێک فۆڕم لەسەر بنەمای وشەیی لە شانۆی ئەمڕۆدا پێیان دەوترێت شانۆی فیزیکاڵ .

بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو فۆرمانەی کە پێیان دەوترێت شانۆی فیزیکاڵ، باڵادەستی فیزیا و دۆخی بینراوی و سنوگرافیایی شانۆیە - کە لە جوڵە فیزیکییەکانی ئەکتەرەکانەوە بە بەراورد بە چیرۆکگێڕان سەرهەڵدەدات. -

لە پێناسە ئەکادیمیەکانی شانۆی فیزیکاڵ، ئەو گرنگییەی کە بە جەستە دەدرێت زیاتر وەک بەرهەمهێنەری مانایە نەک گواستەرەوەی.واتا جەستەی ئەکتەر لە شانۆی فیزیکاڵ مانا بەرهەم دەهێنێت، نەک گەیاندنی مانا.

ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی و نەریتی لە شانۆدا جەستەی ئەکتەر بەشێک لە کردارەکانی دەقەکە، وەک توڕەیی، دڵتەنگی، یان خۆشبەختی، بگەیەنێت؛ لە شانۆی فیزیکاڵ، لە ڕاستیدا بڕیارە جەستە بە فۆڕمی خۆی و پاشخانێک و فاکتەری بەرهەمهێنانی مانا بێت. لە بنەڕەتدا بەو مانایەیە کە تەرکیز لەسەر هیچ مانایەک ناکات.

ئەم جۆرە شانۆیە چەندین ساڵە بەردەوامە ووە زۆرێک لە هونەرمەندان لە سەرانسەری جیهاندا لەم بوارەدا کاردەکەن و بەرهەمی سەرنجڕاکێش دروست دەکەن. ئەم جۆرە شانۆیە لە جیهانی هاوچەرخدا زۆر بەناوبانگە و ڕۆژانە ژمارەی ئەو هونەرمەندانەی کە شێوازەکانی نمایشی ئەم نمایشە بەکاردەهێنن لە زیادبووندایە. دەکرێ بڵێین شانۆ و نمایشی فیزیکاڵ بیانوویەکە بۆ ژیان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەو کەرەستانەمان دەربارەی شانۆی فیزیکاڵ و نوێترین شێوازەکانی نمایشکردن کۆکردۆتەوە کە دەیخوێننەوە.



**بەشی دووەم: "نواندن" و "نمایش"**

**لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، بنەماکانی "نواندن" لەلایەن کۆمەڵێک شرۆڤەکارەوە بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە . (بۆ نموونە: ئاوسلاندەر ١٩٩٧، بیرینگەر ١٩٩١، کارلسۆن ١٩٩٦، فۆکس ١٩٩٦، کای ١٩٩٤، لیمان ٢٠٠٦ و زەریلی ٢٠٠٢) خاڵی دەستپێکی هاوبەش بۆ هەموو ئەم نووسەرانە ئەوەیە کە شتێکبەناوی «نواندنی سروشتی» نییە .**

**هەموو جۆرەکانی نواندن، لە سەرەتاوە تا ئێستا، لە ڕووی کولتوورییەوە کۆد کراون و ملکەچی ڕێکەوتنە مێژووییەکانن.**

**نواندن بوارێکی گۆڕاوە کە بەردەوام نکوڵی و دژایەتی لێدەکرێت:**

**بەرگریکردن لە نواندنی سروشتی و لەسەرخۆو غەریزەیی و خۆبەخۆ تەنها بۆ مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی سروشتییە، کە بە کۆدێکی ئایدیۆلۆژی بەڕێوەدەچێت وە لە سەردەمێکی مێژوویی تایبەتدا، چی سروشتی و باوەڕپێکراو و بەناو شانۆییە بۆ بینەرانی ئەو قۆناغە دیاری دەکات. (پۆویس ٨:١٩٩٨)**

**لە نێو ڕێژەگەرایی ئەم هەڵوێستە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵکراوە،ئەگەری زۆرسەبارەت بەوەی کە نواندن چی پێکدەهێنێت، هەیە.**

پێناسەیەکی تایبەت نواندن بە نوێنەرایەتیکردنی کەسایەتی وەسف و پێناسە دەکات کە ڕۆڵی کەسێک دەگێڕێت، کە لەلایەن نووسەرێکەوە دەنووسرێت و لەلایەن دەرهێنەرێکەوە لە کاتی پرۆڤەکاندا لێکدەدرێتەوە – پێناسەیەکی دیکەش دەڵێت کە ئەکتەر کەسێکە کە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

هەردوو هەڵوێستەکە لەگەڵ تیۆری "واقیع"دا ململانێ دەکەن. بەڵام ئەوان کۆمەڵێک ستراتیژی بۆ گەیشتن و پەیوەستبوون بەدۆخی خۆدزینەوە – و ڕەنگە وەهمیی –پێشنیار دەکەن..

زۆرێک لە نموونەکانی شانۆی فیزیکاڵی هاوچەرخ خۆیان لە مۆدێلی "نوێنەرایەتیکردنی کارەکتەر" جیادەکەنەوە و لەبری ئەوە هەوڵدەدەن شتە ڕاستەقینەکە لە پرۆسەی چالاکی و کردار و بێهیوابووندا ئەزموون بکەن. بۆ نموونە لێرەدا ماندووبوون و ماندووبوونی ڕاستەقینە لە کاتی کرداره دووبارە و چرەکانی ئەکتەرەکاندا هەم بینەر و هەم ئەکتەرەکان لە کایەی خۆنمایشکردن جیا دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەزموونێکی دەستبەجێ بەبێ ئەنقەست و بێ مەبەستی لە واقیعەوە ڕێنمایی دەکات. (کات، فەزا، جەستە)

لێمان ٢٠٠٦:١٣٤

ئەم جۆرە شانۆیە پێشکەشکردنی نواندی "ڕاستگۆیانە"ی لە کەسایەتیەکان ڕەتدەکاتەوە و بە شانۆگەرایییەکی فیزیکی چڕتر، یان ئەو چێژە خۆئاگاییەی کە لە ئەنجامی زیادەڕەوی لەڕادەبەدەری نواندنکە و ئاشکراکردنی بڕێختی فێڵ و ئامێرەکانی دێتە ئاراوە، جێگەی دەگرێتەوە.

"ویلهێلم دافۆی" Wooster بە ئاشکرا (LSD )گلیسیرین ی بۆ داڕمانی بەکارهێنا.

پارادایمی ئەکتەر وەک "خۆ نمایشکار" پرسیارێک دەوروژێنێت کە ئەم "خۆ"ە بانگ دەکرێت بۆ نمایشکردن. ئەم قسەیەی دەرهێنەر یان ڕاهێنەری نواندن کە "خۆت بە" دەتوانرێت بە ئاسانی لە ئاستێکدا وەک کۆدێک بۆ ڕاستگۆیی و خۆپارێزی و سادەیی لێکبدرێتەوە بۆ ئەوەی لە یارییەکەدا زیادەڕەوی نەکرێت. بەڵام ئەم جۆرە فێرکردنە کۆمەڵێک بابەتی ئاڵۆز لە بواری ناسنامەدا دەگرێتەوە و ئەوە پیشان دەدات کە "خۆ" بناغەیەکی سەربەخۆ و بێ کێشەیە.

قبوڵکردنی بێ پرسیاری توخمە پێکهێنەرەکانی مرۆڤ یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی بەشێکی گەورەی نواندن لە سەدەی بیستەمدا (تیۆری و پراکتیک) و تا ئەم دواییانە پێشکەوتنەکانی فەلسەفە و تیۆری ڕەخنەیی لە بەرهەمەکانی بیرمەندانی وەک فێردیناند دی سۆسۆر (١٩٨٣) . و جاک دێریدا (١٩٩٠) تا ڕادەیەکی زۆر بێ تەحەدا و وەک خۆی ماوەتەوە.



**بەشی سێیەم: پەیوەندی نێوان دەق و تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی شانۆ**

**ئەمە کە دەیڵێن ئەوشانۆی لەسەر بنەمای دەقە، لە ڕوی بینراو و داینامیکی فیزیکی کەم وکوڕی تێدایە ڕاست نییە.**

**ئەگەر تەرکیزت لە شانۆی بۆرژوازی ئینگلیزی سەدەی بیستەم لابەیت و ئاسۆکانت فراوانتر بکەیت، دەبینیت ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات گەڕانەوەیە بۆ فۆرمێکی هونەری سروشتیتر و تێکەڵاوتر. شانۆ هەمیشە بەم شێوەیە بووە.**

**ئەگەر ئێمە پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە شانۆ بەگشتی فیزیکاڵە، کەواتە مەبەست لەم بابەتە چییە؟**

**مەبەستمان لە وشەی فیزیکاڵ نیشانە بینراو و فیزیکییەکانی وەستانی جەستەیی،، ئاماژە، گۆشە، جووڵە، نزیکی، دیمەنی شانۆگەری و کارکردن لەگەڵ وشەکان لە "سنوگرافیایی"ی گشتی یە.**

**زۆربەی بینەران و ئەوانەی بەشداری و پەیوەندییان بە شانۆ وە هەیە باوەڕیان وایە پێیان وایە کە دەق تا ئێستاش بەسەر شانۆ و فیلم و تەلەفزیۆنەکەماندا زاڵە؛ تەنانەت ئەگەر ئەم بەرهەمانە لە ژێرپۆلی بەرهەمە فیزیکییەکاندا پێناسە بکرێن یان پۆلێن بکرێن.**

**لەوانەیە ئەم باڵادەستیە، ئەوپەیوەندییە سەختەی نێوان دەق و جەستە و سنوگرافیا لە شانۆی هاوچەرخدا بە باشی ڕوون بکاتەوە. وا دیارە سەرەڕای گەشبینییەکانی "پیتەربروک"، جەستە و سنوگرافیا هێشتا وەک "سەندرێلا" ڕۆڵ دەگێڕێت.**

**لەم بەشەی خوارەوەدا بەشێک لە پێداچوونەوەکانی شانۆی نیشتمانی شاهانە لەسەر "ڕاوی شاهانەی خۆر"بەرهەمی "پیتەر شافەر" دەهێنین.**

**«کات لەگەڵ "ڕاوکردنی شاهانەی خۆر"میهرەبان نەبووە..ئەم نمایشە شانۆییە ڕەهایە بە مۆسیقای نهێنی،**

**زنجیرە مایمەکان، و ئامێرە سەرنجڕاکێشەکانی شانۆیی دەبێ لە ساڵی ١٩٦٤دا ڕەسەن و نوێ دەرکەوتبن... لەم ڕۆژانەدا، هەوڵدان بۆ وێناکردنی زنجیرە شاخەکانی وەک "ئاند" بە چەند پەڕەیەکی سپی بووەتە یەکێک لە کلیشەکانی نمایشی شانۆی فیزیکاڵی.**

**نمایشە قورسە سەیرەکان لەگەڵ نمایشی ڕێوڕەسمی بەتاڵ، کۆریۆگرافیای سەردەستی،، زنجیرەیەک مایمی خراپ یان بێسوود بە پەتەکانی دەقەکەوە بەستراوەتەوە؛ کە تێیدا بیست پیاو وا خۆیان نیشان دەدەن کە لە پردێکی لەق دەپەڕنەو.**

**ئەمڕۆ تەکنیکەکانی شانۆی فیزیکاڵ تەنانەت لەوەی لێرەدا دەیبینین شتێکی ئاسایی و باوترن.**

**دیمەنەکانی کوشتن بە سەمای ڕووناکی، و مایمی جوڵەی خاو و بەکارهێنانی قوماشی سووری شەپۆلدار بۆ هێماکردنی خوێنڕشتنی زیاتر، ئیتر زۆر ئاسایی دەردەکەون.**

**لە نمایشێکدا کە لە ڕووی ستایل و هونەری نمایشەوە لە مۆدە دەرچووە، پیاوان لە نێوان ئەو پەڕە و پەڕەدا کە کاریگەری ڕووناکی شینیان لەسەرە دەسوڕێنەوە و بە ئازار و سەختییەکی زۆرەوە خۆیان بە شاخەکەدا ڕادەکێشن.**

**مەبەستمان لە خستنەڕووی ئەو وەرگێرانانەی سەرەوە، بێبەهاکردن و بچووککردنەوەی وە کەم سەیرکردن نمایشێکی تایبەت و دیاریکراو نییە، بەڵکو ئامانج جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە دیارانەیە کە لە وەرگێرانەکاندا دوو شتی دیاریکراو گریمانە دەکرێن؛**

**یەکەم:وشەی شانۆی ڕەها و شانۆی فیزیکاڵ بەم شێوەیە بەکارهاتووە وەک ئەوەی خوێنەران پێشوەختە بیریان لێکردبێتەوە وە بە جیا لە یەکتر دادەنرێت.**

**دووەم: بە بڕوای نووسەران، بینەر ئەوەندە بە ئامراز و تەکنیکەکانی شانۆکەئاشنایە، کەلەگەڵیدا نەك هەست بە نامۆبوون ناکەن، بەڵکو بە زانیاری پێشوەختەوە وێنەکانیش وەردەگرن و قبوڵیان دەکەن.**

**سەرەڕای چل و دوو ساڵ پراکتیککردن لە ڕژێمی باڵادەستی شانۆی بنەما دەقدا، تەکنیکەکان ئەوەندە خراپ بەکاردەهێنرێن کە وا دیارە هێشتا پێویستی بە وردکردنەوە وڕوونکردنەوە هەست پێدەکرێت.**



## بەشی چوارەم: درێژەی پەیوەندی نێوان دەق و نمایشی شانۆی فیزیکاڵ

ئەمڕۆ پێویستە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شانۆی فیزیکی/شانۆی ڕەها لە شانۆکانماندا ئەوەندە بە شتێکی ئاسایی وەربگرین کە چاوەڕێی ئەوە بین کە بە هەمان هێزی "مێزان سێ نەکان" (سێنوگرافییا)نمایش بکرێن.

بەم شێوەیە ئاگادار دەبین کە کەموکوڕییەکان لە بواری بەرهەمهێنانی جەستەدا ئەوەندە سەرنجڕاکێشن کە ئەم جۆرە ڕەخنانە دەوروژێنن.

بە واتایەکی تر، شانۆی فیزیکی/ڕەها/بینراو، سەرەڕای بەکارهێنانی بەربڵاوی، لە ڕاستیدا کەمتر لەوەی کە دەردەکەوێت ئاساییە، و هەرکاتێک پێشکەش بکرێت، لەگەڵ پرسە کوالیتییەکانی(چۆنایەتییەکانی) وەک لێهاتوویی بوون لەسەر شانۆ، نواندن و نمایشکردن بەقەد هەر شانۆیەک یان ڕەوتێکی سەرەکی ترململانێی دەکات. وا دیارە هێشتا ڕووبەڕووی تراژیدیای "شانۆی مردوویی" دەبینەوە، کە "پیتەربروک" لێی دەکوڵێتەوە.

کەواتە مەبەست لەم نووسینە بەدواداچوونە بۆ لایەنە فیزیکییەکانی شانۆی "دەق ئاوێز"ە؛

لێکۆڵینەوە لەو خاڵەی کە هەموو فاکتەرەکانی تری ناو شانۆ بەقەد دەقەکە گرنگن و پێویستە لەبەرچاو بگیرێن.

ئەگەر ئەم ئارگیومێنتە هاوسەنگکردنە خۆبەخۆ دەرکەوێت، دەبێ سەرنجی خوێنەر بۆ وشەی بەرگە نەگیراو و بێهیوایی مردوو ڕابکێشین (وەک "پیتەر بروک" دەڵێت). ئەو نائومێدییەی کە تا ئێستاش لە نمایشە شانۆییە بێدەنگەکاندا ئەزموونی دەکەین.

باڵادەستی دەقەکە،ئامرازەکانی تری شانۆ(یادارام لە میدیاکانی تردا)شێواندووە وە لەم کارەش بەردەوام دەبێت.

ئێمە بەدوای لێپێچینەوە لە وشەکان ناکەین، هەروەها ئیدیعا ناکەین کە پێکهاتەی جەستە دەتوانێت جێگەی دەق بگرێتەوە.

بیرۆکە و ماناکان بەو چڕبوونەوە و هێزەوە لە شێوەی وشەدا دەردەبڕدرێن کە بێگومان شانۆی بێ وشە ناتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بەڵام ئێمە دەمانەوێت دووبارەی بکەینەوە کە دەق تەنیا یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی سیستەمی نیشانە دیالێکتیکیەکان.

سیستەمێک کە پێکهاتووە لە دەقی تەواوی نمایشەکە، سینۆگرافیا،و ئەزموونی شانۆیی بە گشتی.

ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین بەجۆرێک کە لەبری جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندی باڵادەست،واتە دەقەکە، سیفەتە فرەڕەهەندە پۆتانسێلەکانی شانۆبناسین.

ئەم شێوازە ڕەنگە ببێتە هۆی دراماتۆرگی فیزیکی دەقی نمایشی دراماتیک.

ڕەنگە ڕەهەندی فیزیکی ئەو بیرۆکە فراوانترەی جەستە بێت کە "برێخت" پێشنیاری کردبوو، واتە پێشکەشکردنی فیزیکاڵ دیدگای ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتی و فیزیکاڵی ئەکتەرەکە بە بەراورد بە کارەکتەرەکە و کارەکتەری بە بەراورد بە کردار و دۆخەکە.

بێگومان  بە دڵنیاییەوە دەکرێت هەر سیستەمێک، سەرنج و جەخت بخاتە سەر نیشانەیەکی تایبەت تا خاڵێکی دیاریکراوی دەقی شانۆکە.

دیالێکتیکی وەک بەرە بەیانی پاک و ڕوون  نییە، بەڵکو دەبێت گرژییەکی داهێنەرانە بێت کە لە ئەنجامی ململانێی بەشە جیاوازەکانی بەرهەمەکەوە سەرچاوە دەگرێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەم بابەتەدا ئیدیۆمەکان لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و سادەیی هەڵبژێردراون.

زۆرینەی هەموو نمایشەکان، تەنانەت ئەو نمایشانەی ئاڤانگاردیش کە مەترسی وەستانیان لە بەردەم ڕەوتی باوی نەریتە کلاسیکییەکان یان ڕیالیزم و سروشتیگەراییدا گرتووە، دەق-ئاراستەن.

بەو مانایەی کە بەرهەمی بیری نووسەرێکن و نووسراون بۆ ئەوەی بە شێوازێکی پێشوەختە دیاریکراو نمایش بکرێن.

بەڵام لە ڕوانگەی دراماتۆرگییەوە دەبێ لە نێوان دەقی دراماتیک و سینۆگرافیای دەقی نمایش "پێرفۆرمێنس"جیاوازی دابنێیین.

ئێمە وشەی دەق بەکاردەهێنین بۆ ئاماژەکردن بە یەکەمیان بۆ ئەوەی سەرلێشێواوی نەبێت.

ئێمە بۆ خۆپاراستن لە هەڵە وە گەڕانەوە بۆ یەکەمیان وشەی "دەق"بەکار دەهێنین - کورتکراوەی ئاسایی -

وە لە وشەی دەقی جێبەجێکارەوە بۆ ئاماژەکردن بە چەمکی دووەم.جەختی سەرەکیمان لەسەر دەقی نمایشە یان ئەو ڕەهەندە بینراو و فیزیکیانەیە کە تێکەڵ بە دەقی دراماتیک دەبن.



## بەشی پێنجەم: ڕووبەڕوو لەگەڵ پلەبەندی زمانە شانۆییەکان

### فەزا وەک کارەکتەری بێدەنگ

ئێستا بە وردبوونەوە لە چەند نموونەیەک لە دەقە جیاوازەکانەوە ئەو پرسە وروژێنراوانە ڕوون دەکەینەوە.دەتوانرێت لە هەندێک حاڵەتدا ئاشنابوون بە کەم سەیر بکرێت.بەڵام لە ڕاستیدا "دەق" پێویستی بە نمایشێک یان پێرفۆڕمانس هەیە بۆ ئەوەی بە یارمەتی نیشانە بینراو وجەستەییەکان بۆ نامۆ ـ کردنی ئاشنا یارمەتیدەر بێت.ئەمە هەر ئەو شتەیە کە بریتیە لە بابەت وناوەڕووکی دراماتۆرگی فیزیکاڵی.دراماتۆرگی فیزیکاڵی ئەمەیە.

### شانۆنامەی "تاپۆکان" "هێنریک ئیبسن"

ژوورێکی گەورە ڕووی لە باخچەیە و دەرگایەکی لە دیواری چەپ و دوو دەرگا لە لای ڕاست. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا مێزێکی دەوری هەیە کە دوو کورسی لە دەوریدایە. لەسەر مێزەکە هەندێک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە هەیە. لە لای چەپی خوارەوەی شانۆکە پەنجەرەیەک هەیە کە ڕووی لە قەنەفەیەکی بچووکە و مێزی دورینی لە پێشەوەیە. ژووری پشت شانۆکە بە حەوشەیەکی تەسکەوە دەبەسترێتەوە کە دیوارەکانی شووشەی لەسەرە. لەسەر دیواری ڕاستی حەوشەکە دەرگایەک هەیە بۆ باخچە، لەڕێگەی دیوارە شووشەکەوە دیمەنێکی گەرووەکە دەبینیت کە دەنگی بەردەوامی باران یاوەری دەکات.

شانۆنامەی "تاپۆکان"ی "ئیبسن" بە وەسفێکی وردی ئەو ژوورە دەست پێدەکات کە تەواوی شانۆنامەکە تێیدا ڕوودەدات. ئەم فەزایە ئیستاتیکە شانۆگەرییە نابێت تەنیا تەقلیدی فۆتۆگرافی و خاڵ بە خاڵی ژوورێک بێت کە سەر بە مرۆڤی چینی ناوەندە، بەڵکو دەبێت هەست و سۆزە ناپێگەیشتوەکان و نائومێدی جەستەیی ژیانی کارەکتەرەکان ورووژێنێت وەبیر بێنێتەوە.

بەپێی ڕێکەوتنە شانۆییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، هەر کە پەردەکە دەکرێتەوە، یەکسەر شوێنەکە و کارەکتەرەکان ئاشکرا دەبن، بەڵام لە شانۆنامەیەکدا کە بڕیارە مەبەستی سەرەکی "ئیبسن" ئاشکرا بکات، پێش ئەوەی وشەکان بڕژێنە ناو زمانەوە، ڕێگە بە شوێنەکە دەدرێت کە هەر وەک کارەکتەری فیزیکاڵ و بینراوی ،خۆی بە هێواشی وئارامی لە مێشکی بینەردا جێگیر بێت .

بەم شێوەیە، لەتێروانینە وردەکەی "ئیبسن"دا، دەبێ ببینین کە "ڕیجینا" گوڵەکانی سەر حەوشەکە لە پاشخانی دەنگی بەردەوامی باراندا،ئاو دەدات.!!!-

باران وەک چۆن دیالۆگەکان بەردەوام بیرمان دەخاتەوە- نەک تەنها لە سەرەتاوە وساتەوەختی کردنەوەیدا،بەڵکو لە ماوەی درێژایی تەواوی دیمەنی یەکەم دا باران ببارێت. دەنگی باران دەبێ ئەوەندە بینەران بێزار و تێکبدات کە بێدەنگی لەناکاو لە سەرەتای دیمەنی دووەمدا کاریگەر بێت. ئیبسن دەیەوێت ئێمە بەهەستەکانمان بەشدار بین، واتە کردەی ئاودانی گوڵەکان دەمانباتە ناو فەزای قۆناغەکەوە.

فراوانی شوێنەکە هێواش هێواش بە دوژمنایەتی و جیاوازی لەگەڵ کوالیتی ژیانی بنەماڵەی "ئێلڤینگ"دا دەردەکەوێت.

هەروەها ئیبسن پێویستی بە مێزێکە لە ناوەندی شانۆکەدا بۆ ئەوەی وە ناکۆکیەکان و ململانێکانی شانۆکە بەدەوریدا ڕوو بدەن.ئەم نمایشە بە ئاگادارییەوە پلانی بۆ دانراوە بۆ ئەوەی سەرەتا کارەکتەرەکان تووڕە بکات و دواتر ئێمە.ئەم خاڵە گرنگە کە ئیبسن مێزەکەی بە شێوەیەک داناوە کە کارەکتەرەکان کاتێک بە درێژایی ژوورەکە و بە دەوری مێزەکەدا

دەجووڵێن تایبەتمەندی جەستەیی خۆیان دەربخەن .کەواتە ئەم ژووره بەقەد پاستور، مێندێرس یان خاتوو ئێلڤینگ کارەکتەری پێناسەکەره ویەکلاکەرەوەیە.

هەرگیز باس لەوە ناکرێت کە ڕیجینا چەندە گوڵەکان ئاو دەدات.بەڵام ئەم ئازادییە وا لە کارەکتەر دەکات تایبەتمەندی ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت جێگیر بکات.بەم شێوەیە دەبێت هێندە هاندەری ڕاکێشانی سێکسی و هێزی دەروونی بێت کە "ئۆسڤاڵد" و "ماندێرز" بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە هەمان کاتدا تواناى "ڕێجینا" دەرببڕێت کە لە ماڵەوە بەجێبهێڵێت و بەرەو خەونەکانی بڕوات.وە هەموو ئەمانە بەبێ ئەوەی یەک وشە بڵێن و تەنها جەستە بەکاربهێنن.

لە دیمەنی یەکەمدا ئیبسن دیسانەوە کوالیتی بەردەوامی ئەو ژووره بەکاردەهێنێت کە "ڕیجینا" خەریکی خۆشەویستی لەگەڵ "مێندەرز"دایە. دۆخی سێکسی تاڕادەیەک ئاشکرای ڕیجینا کە خۆی دەڕازێنێتەوە و خۆی نمایش دەکات، بە شێوەیەکی ئیرۆنی لەگەڵ بەها بۆرژوازییەکانی ماڵ و سروشتی نەبڕاوەی" پاسییو" و حەوشەکەدا جیاوازە. نمایشکەی"ئیبسن" دیمەنێکی بێدەنگ نییە کە بە فشارێکی بەردەوام فەزایەکی داخراوی هەبێت ، وەک هەندێک کە بەم جۆرە تێگیشتون و بەسەریدا سەپاندووە، بەڵکو بۆ خۆی سیستەمێکی نیشانەیە .

"کۆزان" لە پۆلێنکردنی شانۆدا باسی سێزدە سیستەمی نیشانەی دەنگی و بینراوی کردووە.لەنێویاندا هەشت سیستەم پەیوەندییان بە ئەکتەرەکانەوە هەیە و پێنج سیستەم پەیوەندییان بە فاکتەری دیکەوە هەیە.لە ئەنجامدا ئەو ئەکتەرەی کە قسە دەکات لە بەرزترین ئاستی پلەبەندی سیستەمی سیمبۆلیکی خۆیدایە.

بەم شێوەیە، ئەو نەک هەر بینەر ، ئەم توخمەزۆر پێویست و ڕەهایە -چواردەهەمین نیشانەی سیستەمی نیشانەی شانۆ ش لا دەبات. - بەڵکو بە شێوەیەکی پارادۆکسیکال چاوی لەو ڕاستییە دادەخات کە ئەکتەر/پێرفۆڕمانسگر، بۆیە پێش دەستپێکردنی قسەکانی دەست دەکات بە گەیاندنی مانا ئەگەرییەکان،  ئاماژە و چەمکەکان بە ئەوانی تردەدات، خۆی بوونێکی بینراو/فیزیکاڵییە.ئەو بە ئەدای جەستەیی و بینراوی پێش بەرهەمهێنانی دەنگ جێگەی سەرنجە.وە لە کاتێکدا لە ناوەندی دەقی جێبەجێکردندایە، پێویستە لە ناوەندی دیدگاکەشدا بێت.بۆیە بۆ جەختکردنەوە لەسەر سروشتی کارلێککاری شانۆ، پێویستە سیستەمی ڕەمزی کۆزان لە دەوری ئەکتەر و پەیوەندییەکەی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا گرووپ بکرێت؛ هەموو توخمەکانی یارییەکە پێکەوە و شان بە شانی یەکتر.

دووبارەی دەکەمەوە، ئەم خاڵە بەهای دەقەکە ناخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو تەنیا شێوازی پەیوەندیی هەموو توخمەکانی شانۆ بە یەکەوە دەگۆڕێت و ڕێکدەخات.بە جیاوازیی شانۆی دیالوگی و وبێدەنگ، بە ئاسانی دەکەوینە ناو کۆڵی دووانەییەکی خامەوە کە تەرکیز لەسەر فیزیکییەتی شانۆ دەکات و تەندرووستی و داهێنەری پەیوەندی دیالێکتیکی پشتگوێ دەخات.

ئێستا هیوادارین بۆ ئەوەی کە شانۆی فیزیکاڵ بتوانێت لە ڕێگەی نواندنەوە بەشێک بێت لەم پەیوەندییە دیالێکتیکەچارەسەری جیاواز بخەینەڕوو.ئێمە ئەمە بە پشکنینی دەقی نمونەیی بە شێواز و فۆرم و قۆناغی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەین؛ بەم شێوەیە دەڵێین دراماتۆرگی فیزیکاڵی بەرهەمی هونەری کە جۆرێکە لە چەسپاندنی ئەو گەلاڵەی کە باسکردن لە شانۆی فیزیکاڵ لە ڕاستیدا قسەکردنە لەسەر شانۆ بە مانا ڕاستەقینە و دروستەکەی.بۆیە پرسەکانی وەک کۆنتڕاپۆینت، بێدەنگی، وەستان، بینەر، پەیوەندیکردن لەگەڵ بینەر دوای نمایشەکە، ڕیالیزم و ئیمپرۆڤیزەکردن وەک بنەماکانی شانۆی فیزیکاڵ سەیر دەکرێن. دوو نموونەی دیکەی ڕەخنە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی باشتر لەم بابەتە تێبگەین.

### ١. هیستری ئەدینبۆرگ، ٢٠٠٦

وڕتە وڕتی بێزارکەر وقسەی دەمارگیر...دەنگەکان وردە وردە زیاتر دڵەڕاوکێ دەکەن و دەگۆڕدرێن بۆ هیستریا و شێتی کاتی...هەموو ئەمانە لەلایەن ئەو گارسۆنە ئارامەوە کە پێشتر بینیوتە وە ئێستاش بە بێدەنگی سەیر دەکرێن. جوانی لێرەدا تەنها لە دەقی زیرەک یان تێگەیشتن لە کارە فیزیکییەکە نییە، یان لە شێوازی تێکەڵکردنی کۆمپانیاکەدا نییە کە کارە فیزیکییەکە و دەقەکە تێکەڵ دەکات. جوانی لەو سادەیی و وردەکارییەدا هەیە کە دەیبینین.

### ٢. داگیرکراوەکان، لەندەن، ١٩٩٨

کارلێکی توخمە بیستراو و مۆسیقی و فیزیکی و بینراوەکان پێکەوە...نمایشێکی سەرسوڕهێنەری بوونی مرۆڤ و ڕیالیزم...شانۆ تەڤینەوەیەکی وزەیە، نمایشێکە لە کارلێکی وێنە فیزیکیەکان لەگەڵ وشەکاندا نەک تەنها دراماتیزەکردنی وشەکان، خاڵێکی دژە فیزیا و وێنە...نمایشەکە بە مۆنۆلۆگێکی پانزە خولەکی بە ناوەندی بێدەنگی جەستەیی و دەربڕین دەست پێدەکات - نەک تەنها ئاماژەیەکی ئیستاتیک - و خاڵێکی بەرامبەر لە فیگەرێکی هێمن، بێدەنگ، ئامادە و بیستراو پێشکەش دەکات.



## بەشی شەشەم: هونەری بێدەنگی

تەنانەت لەو بەرهەمانەشدا کە دەنگیان لەگەڵدایە. کاتێک ئەکتەر مێدیتەیشن دەکات ساتگەلێکی درێژ هەیە کە دەقەکە هیچ بەهایەکی تێدا نییە و ئەکتەر لە ڕێگەی کردارەوە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت. ئایا گفتوگۆ هەیە؟ ئایا تا ئێستا گوێمان لە قسەکردن بووە بەبێ قسەکەر؟ بێگومان هەرگیز.. تەنیا هونەرێکە بە بەردەوامی لەسەر شانۆ دەڕژێت؛ هونەری نواندنە

وەک "دی کرۆکس" دەڵێت: "بۆ ئەوەی لەسەر شانۆ بیت، دەبێت شتێکت هەبێت بۆ وتن".(dennis) (١٩٩٥, ٧:)

ئەوەش زیاد دەکەین کە "بۆ ئەوەی لەسەر شانۆ بیت دەبێت هەمیشە شتێکت هەبێت لەگەڵ جەستەت پێشکەشی بکەیت". »

دەربارەی شانۆی "سێ خوشک"دا دەبێ وەستان و بێدەنگی بەردەوام بێت تا بینەر هەستی پێدەکات و وەڵامی دەداتەوە.

ئەمەتەنیا ناسینێکی سادەی  ڕێگەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی خوشکەکان نییە، کە لە ڕێگەی کرداری فیزیکاڵی و جەستەی ئەکتەرەوە نمایش دەکرێت و نابێت تەنیا گوزارشت لە هەست و سۆز یان ڕەهەندە دەروونشیکارییەکانی کارەکتەرەکان بکات. "چێخۆف" لە ڕێگەی دانیشتن و وەستان و ڕۆیشتنی کارەکتەرەکانییەوە دژە خاڵێکی فیزیکاڵی و بینراو دروست دەکات و یەکەم دیالۆگ لەگەڵ لەگەڵ ئەو نوکتە تاڵە وێرانکەرا و ترسناکەدا لە ڕێگەی ئەم نمایشە فیزیکاڵ و بینراوەوە ئاشکرا دەبێت:

ئۆلگا: ئیرینا، ڕێک ساڵێک لەمەوبەر بوو کە باوکمان لەم ڕۆژەدا ، پێنجەمی  مانگی مێ کە ساڵڕۆژی ناونانی تۆیە،کۆچی دوایی کرد.

ئەگەر ئەم وشانەی کە بەو وردییەوە دەنووسرێن و دەبینرێن، دەستبەجێ دوای خستنەڕووی وێنەکە بۆ ماوەی چەند چرکەیەک دەرببڕدرێن، هەموو کاریگەرییەکانیان لەدەست دەدەن.

چێخۆف وێرای یاریکردن بە هەڵپەساردنی بێباوەڕی لە بینەر، ڕێگەمان پێدەدات وێنەی نمایشەکە قبوڵ بکەین بەهۆی ڕەسەنایەتییەکەیەوە و ئەوەندە دوور دەڕوات کە چیرۆکەکە بەردەوام لە ڕیالیزمێکی ئاسایی تێدەپەڕێت. تا کاتی وەستان و بێدەنگی دیمەنەکە درێژتر بێت، مەترسی شکستی هەڵپەساردنەکە زیاتر دەبێت. ئەمە هێزی دەربڕینی بینراو و جەستەیی ئەکتەرەکانە، کە دۆخێکی بەڕواڵەت ئاشنا نامۆ دەکات و لە ڕێگەی لێهاتووییەکانی ناو نواندن و کارەکتەرەکەوە سەرنجمان ڕادەکێشێت. بە هەمان شێوە بارودۆخی ناوخۆیی شانۆنامەکە ڕۆڵی گێڕانەوەی ئامانجی دراماتیک لە ئەستۆ دەگرێت.

**کۆتایی**

